

# ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت

**ئارام کاکەی فەلاح**

بە برینداری هەستامەوەو پەنجەرەکەم کردەوە و بۆی دەرچووم. هیوادارم بڕوام پێ بکەن گەر بڵێم هەمیشە وا بوو، هەمیشە لە دەرگاوە دەهاتمە ژوورەوە و لە پەنجەرەوە ڕامدەکرد.

ژیانی من جگە لە هاتنە ژوورەوەیەکی کەم خایەن و ڕاکردنێکی بەردەوام هیچی تر نییە. دەرگا لای من هەمیشە شوێنێک بوو بۆ چوونە ژوورەوە، پەنجەرەش جێگەیەک بوو لێوەی دەچوومەوە باوەشی دونیا. من خۆشم نازانم چۆن نەکوژرام، لە دەستڕێژێک تەنها یەک گوللە بەر قۆڵم کەوت و کەوتم و دوای منیش لاشەکان بەسەرمدا دابارین، من لە ژێرەوە مامەوە و خۆم گرت تا چوونە دەرەوە بەو نیازەی تا چەند سەعاتێکی تر یەکێ بێت و بمانبات و بمانکات بە ژێر گڵەوە، من فرسەتم هێنا و پەنجەرەکەم کردەوە و بۆی دەرچووم.

خانمی لێپرسراو! ئەی قژزەرد! من پەناهەندەیەکم ئەو قسانەی کە دەیکەم بەلامەوە زۆر گرنگن بە

شێوەیەکی ڕاست ئەم وەرگێڕە بەڕێزە بۆم بکاتە سەر زمانە شیرینەکەتان، چونکە هەموو دواڕۆژی من بەم تابیرانەوە بەندە کە بەندە دەیکات و ئێوەش لەسەر ئەو کاسێتە تۆماری دەکەن. تۆ لە سەرەتاوە سەربەستییەکی تەواوت دامێ کە باسی ژیانی خۆمت بۆ بکەم، بۆیە منیش بە شێوەیەکی تێکەڵاو دەیگێڕمەوە، نەک لەبەر سەرلێشێواندن، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی کە ژیانی من جگە لە تێکەڵاوی هیچی تر نییە، جگە لە پەرش و بڵاوی و ڕاکردن و خۆشاردنەوە و شپرزێتیی بەردەوام بڕوا ناکەم چرکەیەکی تیابێت تیایدا ڕوحێکی ئارامم هەبووبێت. چرکەیەک لەبەردەم مۆمێکدا دانیشتبێتم و بیرم لە هیچ نەکردبێتەوە، لە ژێر سێبەری درەختێکدا هەڵترووشکابم و تەنها بیرم لە (هیچ) کردبێتەوە، تێمدەگەی لەهیچ. ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵانە و دوورکەوتنەوەی هەزاران کیلۆمەتر لەو شار و وڵاتەوە لە بەردەمی تۆدا دانیشتووم و لە هەموو کاتێک شپرزەترم. تۆ دەتەوێ من هەندێ شتی ژیانم باس بکەم کە وا لە ئێوە بکات لە وڵاتەکەتاندا قبووڵ بکرێم، ئای خانمی چاو سەوز! ئەمە سەرەتایەکی خراپە من و تۆ دەستمان پێ کرد، ئەم مەرجە سەختە چییە لەبەردەم مندا قوتت کردەوە، من هەر لە سەرەتاوە با موژدەی ئەوەت بدەمێ کە من لە هیچ شوێنێ قبووڵ ناکرێم، یەکێ لە شارو وڵاتەکەی خۆیدا بێکەس و غەریب بێت لە هەموو شوێنێکی تردا تەنیایە، ئەوەی وڵاتەکەی خۆی قبووڵی نەکات هیچ شوێنێکی تر ئامادە نییە تەماشای بکات. من دەمەوێ تەنها ماوەیەکی کورت لە وڵاتەکەتاندا بمێنمەوە، بمێنمەوە و بیر لە هیچ نەکەمەوە، بخەوم و کە هەستام ماوەیەک پڕ بە دڵی خۆم، خۆم بکێشمەوە و بیر لە هیچ نەکەمەوە، دەمەوێ بەیانییەک لە خەو هەستم و بۆ شەوەکەی خەونم نەبینیبێت، دەمەوێ یەک جار جەژنی سەری ساڵ بکەم بە بێ دڵتەنگی، جەژنی لەدایکبوونم بێ و چەند هاوڕێیەک داوەت بکەم و خەفەت جەرگم نەخوات. دەمەوێ بنوم و هەستم کردبێ نوستووم، نان بخۆم و پڕ بەدڵ هەستم کردبێ تێرم نەک پاروو پاروو هەر بیکەم بەودیودا. دواجار دەمەوێ ماڵێکم هەبێ، ماڵێک لە موقەباش بێ هەر قەینا، بەس هی من بێ، نا من باسی ماڵێکی ڕەمزی ناکەم، چونکە ئەویش وەک ڕەمزێک سەیری من دەکات، من ماڵێکی ڕاستەقینەم دەوێ، ماڵێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ گومانی زیاترم هەیە کە ببمە خاوەنی. دواجار خانم !من زەلامێکم نازانم باسی خۆم بکەم، ئەمەی من و تۆ کوا لە لێپرسینەوە دەچێ؟ ئەمە لە دڵداری دەچێت، من و کچێکی جوان لە ژوورێکدا و من بە سەربەستییەکی تەواوەوە باسی ژیانی خۆمی بۆ دەکەم، دەڵێی چی ئەم وەرگێڕە کەللەزلە بکەینە دەرەوە؟ هیوادارم ئەم ڕستەیەی دوایشی تەرجومە کردبێ. بەهەرحاڵ خانم! من زەحمەتە باسی خۆم بکەم، چونکە نە ناوەکەم هی خۆمە، نە پاسپۆرتەکەم، بە ڕێگایەکی وا سەختیشدا هاتووم، ملیۆنێکم بەیتێ پیاناڕۆمەوە، ئەو قاچاغچییە دڵڕەقانەی ڕێگا هەر لە کوردستانەوە تا ئێرە بەجۆرێک خواردیانم کە تا پازدە ساڵی تر خۆم بۆ نادۆزرێتەوە، نازانم لە کوێدام، کامەیان منم، بە جۆرێک کردمیان بە نوکتە کە تا ماوەیەکی زۆر بڕوا ناکەم بە هیچ نوکتەیەک پێبکەنم. بەڵام دەزانم هەر دەبێ باسی خۆم بکەم، ئەوەی نەتوانێ باسی خۆی بکات بەشی دەخورێ، نەک ئەوە بەڵکو زووش دەمرێ. ئەوەی مرۆڤی لەسەر ئەم زەوییە هێشتۆتەوە بەشێکی زۆر کەمی بۆ پێشکەوتنی زانست دەگەڕێتەوە، بەشە زۆرەکەی هی ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە دەگێڕێتەوە، من هەمیشە ئەو سیحرەم خۆشویستوە کە هێزی گێڕانەوەی هەیە، لەو بڕوایەدام سروشت هەمیشە لەسەر ئەو کەسانە دەوەستێ و زوو لەناویان نابات، تا مرۆڤ شتێکی هەبێ بیگێڕێتەوە سروشت چاوەڕێی دەکات، من نازانم ئێوە چەند چاوەڕێی من دەکەن، تۆ لە سەرەتاوە بە منت وت کە هەموو ئەو شتانەی دەیانگێڕمەوە گرنگیی خۆی هەیە. من نازانم باسکردنی منداڵیی خۆم چەندێ گرنگە بۆ وەرگرتنی ئێستام لە وڵاتەکەتاندا. من ناتوانم باسی ئێستای خۆمت بۆ بکەم، بە بێ گەڕانەوە بۆ دڵڕەقیی ئەو گەڕەک و شار و قوتابخانە ناشرینانەی کە ئێمەی لێ هاتینە دەرێ. من لەناو کۆمەڵێ دڵڕەقییەوە هاتووم، هاتووم و دڵم لە دڵی ساوایەک ناسکترە. ژیانی

منداڵیی من وەک دەفتەرێک وایە دەفتەرێکی بێ تەل، کە ڕەشەبایەکی شێت هەموو لاپەڕەکانی بردبێت و بەملاو ئەولادا پەرش و بڵاوی کردبێتەوە، من هەرچەند دەکەم ئەو لاپەڕانەم بۆ نادۆزرێنەوە. جار بە جارێک پەڕەیەک بە چرچ و لۆچی و دڕاوی لەملاو ئەولا دەبینمەوە. پەڕەیەک کە بۆ فرۆشتنی گوڵەبەڕۆژە یان پاقلە بەکارهاتووە، یان لیکی مانگای پێوەیەو نیوەی خواردووە، بە ئاستەم چەند دێڕێکیان دەناسمەوە کە هی منن، ئەوە هەموو یادگاری منداڵیی منە. من مێشکم پڕە لە وێنەی بریندار خانم! پڕە لە ڕستەی کوژراو، پڕە لە حەرفی مینرێژکراو کە بە نیگایەکی خوێندنەوە دەتەقنەوە. ئەوە من باسی چی دەکەم؟ نا تووخوا با لە سەرەوە دەست پێبکەینەوە، چیم وتووە با بیسڕینەوە، ئەمە ئەو دەستپێکردنە نەبوو کە من دەمویست. وابزوا زوو دەردەکرێم، زوو.

سەرەتایەکی تر

خانم! زۆر منداڵ بووم، ڕۆژێکیان قوتابخانەکەمان سووتا، مامۆستا ئازیزەکانمان لە پێش ئێمەوە ڕایانکرد، ئێمە لە قاتی دووەم بووین، منداڵەکان هەموویان دەستیان کرد بە گریان، نیوەیان میزیان کرد بە خۆیاندا، منیش سەیرێکی پەنجەرەکەم کرد و لە چاوترووکانێکدا خۆم هەڵدایە خوارەوە، پێم سەیربوو شوێنێکم نەشکا، دەستم کرد بە هاوار هاوار و دونیام کۆکردەوە، مامۆستاکانیش، ئەوانەی کە ڕایان کردبوو، ئەوانیش هاتن و شەرمیان کرد منیان بینی، وتیان ئەوە چۆن هاتی؟ وتم لەو پەنجەرەیەوە، وتم ئەوە بۆ ڕاتکرد مامۆستا، ئەی منداڵەکان، با چەند دۆشەکێک بێنین تا منداڵەکان لە قاتی یەکەم و دووەم خۆیان هەڵبدەنە خوارەوە، هەر لە لای دراوسێکانی قوتابخانە چەند دۆشەکێکمان هێناو ئەوەی جورئەتی کرد خۆی هەڵدا و ئەوانی تریش بە پانتۆڵی تەڕەوە ڕزگاریان بوو. بۆ بەیانێکەی لە ڕیزدا ئەو مامۆستایانە خەڵات کران کە ڕایان کردبوو دۆشەک بێنن و ئەو خەیاڵە جوانەیان بۆ هاتبوو منداڵانی قاتی یەکەم و دووەم ڕزگار بکەن. نا خانم! پێویست ناکات پەنجەرەکە دابخەیت، هێندە شێت نیم لەم بەرزەوە، لە قاتی هەشتەمەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە، نا مەترسە و بەم گەرمایە مەمانپرۆکێنە، من کە یەکەم جار هاتمە ئەم ژوورەوە، بۆ ئەوە سەیری پەنجەرەکەم نەکرد تا باز بدەم، نا، بەڵکو من و پەنجەرە هاوڕێیەتییەکی سەیرمان لە نێواندا هەیە. زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ خەونێکی سەردەمی منداڵیم، لە خەونێکمدا دەڕۆشتم و پەنجەرە لە دوای پەنجەرە بە ڕومدا دەکرانەوە، پەنجەرە لە ناو پەنجەرە، هەر دەرۆشتم و ئەوان یان دەکرانەوە، یان دەشکان، بێکۆتایی بوون، دەشتێک لە پەنجەرەی گەورەو بچووک، منیش زۆر بە ئاسانی پیایاندا دەرۆشتم، هێندە بە خێرایی پیایاندا گوزەرم دەکرد کە ئەوان هەندێ جار فریا نەدەکەوتن و بەریان دەکەوتم و دەشکان و هی تازە بەڕوومدا دەکرانەوە، ئای خوایە! لە جوانیی ئەو خەونەم، بڕوا ناکەم جارێکی تر خەونی وا ببینمەوە. چەندەها پەنجەرە هاڕەیان دەکرد و منیش دڵۆپێک خوێن چییە لێم نەدەهات. ئیدی بۆ بەیانییەکەی ئەوەبوو قووتابخانەکەمان سووتا و پەنجەرەکە من و منداڵەکانی رزگار کرد. من هەمیشە وێنەی پەنجەرەیەکی بچووکم لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی دەفتەرەکانمدا دەکێشا و لەسەر ئەو حەزە بچووکەش کۆڵێ لێدانم خواردووە. هەموو وێنەکانی منداڵیم لە وانەی ڕەسمدا پەنجەرەی تیا بووە، ڕۆژێکیان وێنەی جەنگمان کێشا و من پەنجەرەکەی خۆم بیر نەچوو، مامۆستا وتی: ناشرین! تۆپبارانە و ئەو هەموو خەڵکە بریندارە، ئەو پەنجەرەیە لەو سەری لاپەرەیە چی دەکات؟ وتم مامۆستا! ئەوە پەنجەرەیەکە بۆ بریندارەکان تا دووربکەونەوە لە شەڕەکە.

پەنجەرەیەکە تا باوکەکان لێوەی بگەڕێنەوە بۆ لای منداڵە ناشرینەکانیان، سەری داخست و ئیدی جارێکی تر قەت بە منی نەووتەوە ناشرین. ئای خانم! خۆشم نازانم ئەمەی دەیگێڕمەوە سوودی چییە؟ با واز لەمەشیان بهێنین و لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەینەوە، من داوای لێبووردن دەکەم کە هێندە دوودڵ و ڕاڕام و نازانم چۆن دەست پێ بکەم.

سەرەتایەکی تازە

من خۆشم نازانم بۆ کەوتمە ئەو ژوورەوە تا بکوژرێم، کێ ویستی بمکوژێ؟ نازانم بەڵام بە قسەکانیاندا پێش دەسرێژکردنەکە، دیار بوو منیان بە خاینێکی گەورە لەقەڵەم دابوو، بۆ نەگبەتی من لە یەکێک دەچووم کە هەموو دونیای کوردی بە دوایدا دەگەڕا، دەم و چاوم لە زەلامێک دەچوو کە بە گەنجی کۆمۆنیست بووە و نوێژیشی کردووە، ئینگلیزییەکی چاکیشی زانیووە، حکومەتی ئەوسا بێ دادگایی کردن و لێپرسینەوە یەکسەر گرتوویەتی. پێیان سەیر بووە کە ئەم شتانە پێکەوە کۆ ببنەوە، باشترین شت بۆ ئەم زەلامە گرتنێتی.

بە بێ لێپرسینەوە لە ژووری ئینفیرادیدا دەیانەوێ بیرزێنن. ئەویش هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێت، سەعاتی یەکەم پڕ بە دڵی خۆی بە ئینگلیزی جنێویان پێ دەدا. ئەمە ئیشی دەبێت تا لە ڕاپەڕینەکەدا لە زیندان دێتە دەرەوە. بە پارچە زەوییەک دەبێت بە یەکێتی، تا ماوەیەکی تر دەچێتە لای پارتی و ئەوانیش پارە و ئیشێکی باشی دەدەنێ و ژنیشی بۆ دێنن. ماوەیەکی کەم وازیش لەوان دێنێ و دوای ئەمریکییەکان دەکەوێ و چەند جارێکیش تەرجومەیان بۆ دەکات. پارەیەکی باشیان لێ وەردەگرێ. دەڵێن چەند جارێک لە ئێران و تورکیاش دەبینرێ، بۆیە هەموویان وەک دوژمن سەیری دەکەن. کە ئەو تۆمەتانەیان دەدایە پاڵ من نەمدەزانی چییان وەڵام بدەمەوە. لە زەردەخەنەیەک زیاتر هیچم نەبوو، ئەموت ئەوە من نیم ئێوە بە دوایدا دەگەڕێن، ئینگلیزێکەی من تا کۆڵانی ئەودیوو ناڕوات. بەڵام وەک لەگەڵ دیواردا قسە بکەیت، چیم دەوت دەهاتەوە لای خۆم. بۆیە منیان لەگەڵ هەندێ خائینی تردا کۆکردەوە تا حوکمی گەلمان بەسەردا بسەپێنن، گەلێک کە لە منداڵیمەوە ئاگای لە من بڕاوە. لەڕاستیدا حوکمەکەی ئێمە ئەوە بوو کە بیست ساڵ لە زینداندا بین، لە ژوورێکدا کۆیانکردینەوە کە پەنجەرەیەکی زۆر بچووک، بەرزو نزیک بە سەقفەکە، هێندە بچووک کە منداڵێکیش پێیدا دەربازنابێت. ئێمەیان لەوێدا لەبەر نەبوونی ئۆتومبیلێک بۆ گواستنەوەمان هێشتەوە، تا بەیانی، بەڵام ئەوە بوو بۆ ئێوارەکەی دوو کەس بە دزییەوە هاتنە ژوورەوەو ئێمەیان دایە بەر دەسترێژ. من تەنها گوللەیەک بەر قۆڵم کەوت و هیچی تر، من کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە پێم سەیرە کە لە دووری دوو مەترەوە گیانیان نەکردم بە بێژەنگ. وەک هێزێک ئاراستەی گوللەکانی گۆڕیبێت ئاوا بوو. لەوەش سەیر تر ئەوە بوو کە بەو دیوارەدا وەک سمۆرەیەک سەرکەوتم و لەو پەنجەرە بچووکەوە خۆم دەرباز کرد، هەر وەک لە فیلمە ئەمریکییەکاندا، منیش کراسەکەی بەرم داکەند و دڕی و لەسەر برینەکەوە بەستم تا خوێنی زیاترم لێنەڕوات. زۆر ڕۆشتم و چاوم ڕەشکەو پێشکەی دەکرد، هەستێکی تەواوم بە بێهێزی دەکرد. ئەوەی منی لە فیلمەکان جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە منی بریندار ماسوولکەکانم فش و ئاوساو و تۆکمە نەبوون، دەنا وەک ئەوان چۆن ماوەیەکی زۆر دەڕۆن و لەهۆش خۆ دەچن منیش ئاوا کەوتم.

کوڕم! هەڵمەستە، دوکتۆر وتی دەبێ ئەم هەفتەیەش لەناو جێگادا بمێنیتەوە، باش بوو هۆشت هاتەوە بەر خۆت، ئەوە سێ ڕۆژە جوڵەت نەکردووە، خوێنێکی زۆرت لێ ڕۆشتووە، گوللەیەک لەناو قۆڵتا بوو، کەسم دەست نەکەوت، دوکتۆرێکی هاوڕێم بۆ هێنایت، هەرچەندە دوکتۆری ئاژەڵانە، بەڵام گوللەکەی بۆ دەرهێنایت وباش بۆی بەستیت، وتی کە نابێ شوێنەکەی تەڕ بکەیت، مانگێک دوو مانگ لای من بمێنەوە کوڕم! تۆ زۆر شێوەی کوڕەکەمت تیایە، مانگێک پێش ئێستا دەبوایە بینێرم بۆ دەرەوەی وڵات، دووساڵ پارەم بۆ کۆکردەوە، پاسپۆرتێکم بە گران بۆ پەیدا کرد، جانتاکەم بۆ کۆکردەوە و چاوەڕێ بووم بێتەوە، کەچی مەیتەکەیان بۆ هێنامەوە. لەوە دەچێ خودا تۆی بۆ من ناردبێ وەک کوڕی دووەمم، چونکە ئەوی ترم لە ژیانیدا ئازاری باڵندەیەکیشی نەداوە، کەچی کوشتیان، بۆ؟ جارێ هێزی گێڕانەوەم نییە، تەنها ئەوەندە دەزانم کە مرۆڤە پاکەکان، مرۆڤە جوانەکان زوو خواحافیزی دەکەن، ئەم ماوەیە لای من بمێنەرەوە تا کەمێک چاک دەبیتەوە، دوای ئەوە دەتوانی گەر بتەوێ لە جیاتی کوڕەکەی من بچۆ بۆ دەرەوەی وڵات، پاسپۆرت و

پارە و جانتاکەشی بۆ تۆ، قاچاغچیت بۆ دێنم تا سەر سنوور بتپەڕێنێتەوە.

کوڕەکەی خۆم بۆ ڕزگار نەکرا، بەڵام خودا تۆی بۆ ناردم و توانیم ڕزگارت بکەم، وەک تاقیم بکاتەوە و چانسی دووەمم باتەوە، نا تکایە قسە مەکە، با بێهێزتر نەبی، تۆ پێویستت بە هەموو هێزی دونیایە تا بەزووترین کات بکەویتەوە سەر قاچی خۆت، دەی وا شۆربام بۆ لێناوی، هەناوی خاڵیتی پێ گەرم بکەرەوە، تۆ ئەم ماوەیە بەس پاڵکەوەو بخۆ و هیچی تر، مانگێکی تر دەتوانی سەفەر بکەیت، من هەموو شتێکت بۆ دەکەم کوڕم! هەموو شتێک.

وەک دەبینی خانم! لەوە دەچێ من لە زۆر کەس بچم، هەم لە خائین دەچم و هەم لە پەپوولەیەکی کوڕی کابرا، کەمێکیش لە خۆم، ڕەنگبێ گەر ئەم ساڵ لە وڵاتەکەتاندا داڵدەم بدەن لێرەش چەند کەسێک بدۆزینەوە کە لە من بچن، ڕۆژێ یەکێ بێت و بڵێ تۆ لە کوڕەکەم دەچی کە لە بۆسنیاوە نەگەڕایەوە، تۆ کتو مت جگەرگۆشەکەمی کە لە ئەفغانستان نەهاتەوە، ئای خوایە تۆ و کوڕی براکەم سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە.

باشترین شت بۆ من ئەوەیە خانم لە ماڵەوە بمێنمەوە و نەچمە دەرەوە، زۆر هەوڵم دا بە کابرا بڵێم کە من پێم خۆشە لە کوڕەکەت دەچم، بەڵام لە خائینێکیش دەچم ویستیان بیکوژن، دەمویست چیرۆکی برینداربوونی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، هەر دەمم دەکردەوە نەیدەهێشت قسە بکەم. هەموو شتێکی کوڕەکەی دا بە من و ڕەوانەی کردم، ئێستا گەر لێرە دەرم بکەن و بمگەڕێننەوە، نەک هەموو دونیای ئەوێ، بەڵکو دەبێ لەو پیاوە پیرەش خۆم بشارمەوە کە وای دەزانی من چانسی دووەمی ئەوم و ئەو هەموو خزمەتەی کردم. گەر بچمەوە بەر دەمی بڵێم چی؟ دەترسم بەهۆی منەوە ئەویش تووشی بەڵایەک ببێ گەر بزانن یارمەتیی داوم. هیوادارم لەسەر فایلەکەم بنووسی ئەم کوڕە کە لە زۆر کەس دەچێ بەکەڵکی ئەوە نایەت بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، چونکە ژیانی لە مەترسیدایە. وەک دەبینی خانمی چاو سەوز! من ئەمڕۆ کەمتر باسی خۆمم کرد، چونکە چەند ژیانێکی تر هاتنە ژیانمەوە و منیان فەرامۆش کرد، گەر ئەم قسانەی ئەمڕۆم بەس نەبوو بۆ وەرگرتنم لە وڵاتەکەتاندا، بانگم بکەرەوە تا باسی خۆمت بۆ بکەم، هەرچەندە من زۆر خراپ باسی خۆم دەکەم، زۆر خراپ خانم.

